

# بۆ کۆچی بێوادەی شەوبۆی ئیلخانیزادە

ئەگەر لە دوایێنی ناڵەشکێنە بام دەمگوت: دادەی حەسەن زیرەك بە شین گێرییەك شەوبۆم بۆ بدوێنە. بەڵام ئێمەی کوردی بێبەش لە مافی ژیان هەواڵی مەرگی ئازیزانمان دەبێ لە غوربەت و دەربەدەریدا ببیستین و نەتوانین لە زێدی خۆمان و ماڵە باوان پرسەی بۆ دانێین.

شەبۆ گیان گوڵە جوان و بۆن خۆشەکەم، لێوە پڕ بە پێکەنینەکەت، چاوە جوانەکانت، بەژن و بالاّ شل و مل و ڕێك و پێکەکەت، ژیری و تێگەیشتوویی و خوێندنەکەت، هەستی ناسکی جوانتر لە پەریی گوڵت، دایمە لە بەر چاوانن. کوا لە بیر دەچنەوە؟

ئەی خاکی ڕەش جوانی لە ئامێز بگرە میوانێکی ڕێگەی هات و نەهاتە و زۆر نازدارە.

ئەی شاری سولەیمانی ئەو یادگارە پیرۆزەی بۆکانی بۆکی رازاوەی کوردستانت، پێش کێش دەکەین، میوانە و کوردانە قەدری بگرن.

ئایی لەو کات و ساتە سامناکەی چاوت دەگێڕا بە دوای ئازیزانتدا تاکو دوای ماڵ ئاوایان لێ بکەیت، نەت دیتن و بە ئەسپاییەك پیلوەکانت ناسەریەك. ئەی دایکی جەرگ سوتاو، خوشکە جەمیلەی هێژا، پێشمەرگەی کۆڵنەدەری کوردستان، ئەسرین مرژێنە با "ئەسرین" نەژاکێ. غونچە گوڵەکەت لە بەرۆکی کچاندا، لە یەخەی کوڕاندا، لە تاقەی ماڵاندا، لە کتێبخانەی زانستگەکاندا جێگەی گرتووە، نانا لە ناو دڵی هەموماندایە هەتا هەتایە.

تاهری ئیلخانیزادە